کوردوستان

بلاو کەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارەی ١ - سالّی ییکەم - پینج شەممو ٢٠-١٠- ١٣٢٤ - 11 ژانویەی 1946



# هەلکردنی آلای مقدسی کوردوستان

## لە شاری بوکان

بە پیی دەستوری هەیئەتی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردوستان و ئەمری جنابی قاضی محمد صدراعظم و پیشەوای کوردوستان قرار درا آلای مقدسو سیرەنگی کوردوستان لەبوکانیش هەلکری آغایان، میرزا مصطفی سلطانیان، عبدالقادر مدرسی، حسین فروهر، میرزمحمدامین شریفی، علی خسروی، محمود ولیزادە، میرزا رحیم لشکری، و اعضای هەیئەتی حزبی دیموکراتی کوردوستان و آغای شیخ‌الاسلامی هیمن شاعیریمیللی و نمایندەی هەیئەتی رئیسەیمیللی و آغای محمد نانوازادە فەرماندەی اوردویمیلی بە فرماندەری گاردی احترام و دەستەی موزیک لە گەل آغای قاسم آغای ایلخانیزادە نمایندەی کمیتەی محلی حزبی دیموکرات لکی بوکان بە ماموری هەلکردنی (آلای مقدەس) معلوم کران ساعت -١- پاش‌نیوەرویە روژی چوارشەمو ٥-١٠-٢٤ بەافتخاری وەری کەوتنی هەیئەتی هەلگری آلا لەحەساری کانگایحیزب مارشی میللی کوردوستان خویندراوە وموزیک لیدرا لەو کاتەدا ئوتموبیلی مخصوص لەنیانی هەزاران نەفەر خوشکو برایانی سابلاغی گەیشتنە بەردەرکی کانگای حیزبی دیموکراتی کوردوستان راوەستا، هەیئەتی هەلگری آلا لەنیو شریخەی چەپلە ریزانو نەعرەتەی توندو بلیندی(هوریاوبژی کوردو کوردوستان)ی بەریکەرەکانەوە کەلەدلیکی گەرمو گورەوە بەکولەوە دەهات وەری کەوت سەعات دوونیوی پاش‌نیوەرو هەیئەت گەیشتە میاندوواو و لەوی پیشواز هاتوەکانی آغایان، قاضی قزلجی، حسن‌خانی بداقی، برایم‌آغای ایلخانیزادە، حمدامین آغای ایلخانیزادە، ابوبکرآغای ایلخانیزادە ودوونەفەر شاعیریمیللی هەژار و حەقیقی لەگەل صەد نەفەرپتر لە ئەعضای کمیتەیمحەلی بوکان گەیشتنی و مراسمی احترامیان بەجیهینا مارش‌و موزیک‌خویندرا ولیدرا ئەم جار قطاری ئوتموبیلی هەلگری هەیئەتو پیشواز هاتووەکان کەوتنەروین تا گەیشتنە(تەقی‌آباد) لەوی برادیوکراتە ئەرمەنیکان بەفەرماندەی عشقیخان لەلای راستەوەی ریگاوە خوشکە ئەرمەنیکانیش لەلاچەپەوە راویستابون احترامی نیظامیو هوریاو چەپلە ریزانیان کرد وعشقیخان لەطرف هەموانەوە تەبریکی هەلکردنی آلای کوردوستانی کرد (قاسم‌آغایایلخانیزادە)لەلایەن هەیئەت و تەواوی برایانی کوردەوە اظهاری مەمنونیەت وسپاسی بەخوشکو برا ئەرمەنیە هاوآمانجەکان کرد (حیزبی دیموکراتی کوردوستان سوپاسیان دەکا وقەدری عشقیخان دەزانی) هەیئەت لەنیو هوریاو چەپلەریزانی برا ئەرمەنیکان وەری کەوت تاگەیشتە قەرەموسالیان (بانی ئەودییە کەمانگی رەشەمەی پارەکە "سروان خاکسار وسەربازەکانی" خەیالی خاویدیکتاتوری بایبالی دانوبەری بواری هاتبونە ئەویو و مزگەوتیان هەلوەشاندبوو نیرو آموریان سوتاندبو وخەلکی ئەوییان پەرشوبلاو کردبوەوە) لەوی میرزامصطفی مقتدری و محمودخان و یونسخان‌و عبداللاخان‌ئەمیری اعضایلکی محەلی دیموکراتی ئەویلەگەل تەواوی خەلکی دیو چەند دیی دەروبەریش ریزیان گرتبو میرزا مصطفی لەجیاتی هەموان تبریکی اظهار کرد هەیئەت‌وەری کەوتو سەعات چوارونیوی پاش‌نیوەرو گەیشتە (علیآباد) سی کیلومتری بوکان لەوی گاردی احترام بەفەرماندەری سەلیم‌آغای ایلخانیزادە و عدەی سوار لەژیر دەستوری جعفرآغا و مارف‌آغا ایلخانیزادە و قوتابخانەی بوکان وآغایانی احمدبەگی فیض‌الله بەگی و فیض‌الله خان وعلیخان قازلیان واحمدآغاوعمرآغای عباسی و هباس‌آغاو خالد آغای حسامی و چوارپینج هەزار نەفەر خولکی بوکان و دەوروبەر بەپیشوازەوە هاتبون لەوی هەیئەتی هەلگری آلا پیادەبون و آلایمقدس وەک روژ لەپشت هەور بیتەدەری لە کەیف دەرکەوت‌و کوردوستانی گرتە ژیر شابالی پیروزیخوی ومزگینی سعادت و خوشبەختی بە نەتەوەی کورد دا. مارشی ملی خویندراوە و موزیک دەستی کرد بەلیدان و لەطرف گاردیاحترامی مهاباد وبوکان وسواران سەشلینگ کرا گاوگردون کرا و آلا لەسەرشانی جەوانی رەشید ابوبکرآغای ایلخانیزادە لەنیو چەپلەریزان و هوریاو بژی کوردوکوردستان‌دا گەیشتە کیلەشین دیسان گاوگەردون کراوبە خوشی وبشارت‌وشاییەوە(آلا) گەیەسەرحەوضی بوکان تەواوی کومەلی خەلکیلە دەوری حەوضو مەیدانی ئەوی کوبونەوە (وقاضی محمد صادق‌قزلجی) ووتاروشعری بەتینی خوی لەژیر آلادا خویندەوەوپاش وی حقیقی و هەژار شاعریملی هەرکام دەستە شعریکی زور چاکیان‌خویندەوە وهەیئەتی هەلگری آلاچونە عمارتی قەلا کە لەپیشدا بوبەخیرهینانی ئەوان‌ساز کرابو.

هەژار

بی ببینی ئەو کەسەی پیی‌وایە کوردسەر ناکەوی
کی‌بو پیی‌وابو تەمی نەگبەت لەسەرمان نارەوی

داری آلاکەم وەکو چەقلیکە بو چاوی عەدو
هەردلی خوشی‌نەوی رەبی‌وەبەر خەنجەر کەوی

داری آلام داری کردبوخوین مژی کوردی هەژار
پیی بلین باداکەوی لەوخاکو آوە چی دەوی

داری آلامان برا سی‌دارەیە بو دوژمنان
هەرلە آسوگسەر کەوی پیویستەزینی خوی نەوی

پارچەکەی‌سیرەنگی خوی‌دەنوینی‌رەنگی‌سوردەلی
تاتنوکیک‌خوینی کوردمابی قەدی من نانەوی

یان‌دەلی تالەشکری سوور بەرقەرارو زیندوە
قەومی کورد رەزگارە ئەودلشدارەبەختوناخەوی

یاندەلی لیم‌سوورەدیموکراسی لەعالەم‌سەر کەوت
مستبدو مرتجع گیژی گیژەوی

سپیەکەی مژدەی بەیانی بەختی کوردی کردبەیان
روژی‌بەختی کوردی پەیدابونەما پەردەی شەوی

دو گولی گەنمی دەلی آگات لەرزقی خوت‌ببی
خوت‌کە برسی‌بوچی دوژمن پیی بژین لیرەولەوی

پیودەلی نوکی قەلەم گەر ژینی خوشو پی‌دەوی
غەیری من دەس‌ناکەوی بوریی تەرەقی پیش‌رەوی

رەنگی سەوز یانی‌دایکی(نیشتمان) لەوروکەوە
جوان‌و سەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری‌نوی

لاوەکان ناموسی نومیلیونە ئەو آلایەمان
گیان بدن بوحیفظی ئەوناموسە تان‌لەمنو کەوی

ریی نەجاتمانە پەنابو اتحادی شورەوی
سورمەیە بوچاوی ایمەخاکوخولی مەسکەوی

ربی(استالین) بژی بولاگری مظلومەکان
تازەمانەخول دەدا تا روژ دەبەخشی پورتەوی

رەبی هەرکەس دوژمنی ئەومیللەتە دلپاکەیە
ژیرکەوی کوستی کەوی‌رەبی سەعاتیک نەسرەوی؛

---

هەنەر هەباسی حقیقی

نیشتمان پەروەرەکان سەروەرەکان
لاوەکان هاوەطەنان رەهبەرەکان

جیژنی آزادی کوردوستانە
مەوقیعی کار ولەخەو هەستانە

غەرقی خوشیم و سوپاسی باری
هەلکرا بەیرقی خودموختاری

روژی عەیشوطەرەبەوشادی کورد
هەلکرا پەرچەمی آزادی کورد

هەلدراخەیمەی ئەورەنگی وەطەن
هەلکرا بەیرقی سی‌رەنگی وەطەن

هاتە بەر باغی سەعادەت ئەثەری
هەلکرا رایەتی فەتح وظفەی

خونچەی بەخت‌وتەرەقی پشکوت
لەچیاو دەشتی وەطەن هەردوبەجەت

کەو کەبی بەختی کەوا چوبوە خەو
لەناکاو ساندی لە روژی پورتەو

باری کرد لەشکری رەنجوایدبار
هاتەجی شادی کە کردی ئەوبار

مال و ناموس و حەیا هاتەوە دەس
دەس‌بەجی لیکەوەبونا کەس و کەس

موشکولی کوردی کەبو لایەنحەل
کردی حەل‌روحمی خودای‌عزوەجەل

کوردە توخاوەنی عەزمیکی‌قەوی
شاهیدی غیرەتی تون خەلکی زەوی

بەسە بیگانە پەرەستی تاکەی
تەنبەلی‌و سستی‌و مەستی تاکەی

ئەو کەرەت هەستیی دوژمن تیکدەن
پشت بەپشت دەست‌وودەستی یکدەن

دیتە گویم دەنگی صلاح الدینی
رو بەخاکی وەطەنی رەنگی

کە ئەوی دیومە ئەوا دیمەوەمن
مردبوم گەرچی ئەواژیمەوە من

هاتە جی ئەورو هەمو آواتم
گیان فیدای میللتەکە و آلاتم

سعات دوازدەی بەیانی ئەوی روژی جنابی حاجی بابەشیخ رئیسی ملی کوردوستان لە احمدآغای ایلخانیزادە واردی بوکان بون وسلاوی سەربازی وتەپلوموزیک بەجیهات و ئەوی روژیش لەبەروەی کەتەواوی اهالی اطراف لەنعمتی ئەو جیژنە ملیـــــــــــە بهرەوەربن و بگەنەشاری آلاهەلنەکرا.

روژی هەینو ٧-١٠-٢٤ لەسعات ٨ی بەیانەوە دەسب بەتشریفات کرا.

١- لەسەربانی عمارەتی قەلایبوکان بو هەلـــکردنی آلا لەطرفی راستی آلاوە جنابی حاجی بابەشیخ و لەلای چەپەوە جنابی حاجیبایزآغا راوەستان ولە هەردولاوە دومسلسل داندرا.

٢- قوتابیەکانی قوتابخانەی بوکان و ماموستاکان و خەلکیکی یەکجار زور لەسەرسەکوی قەلا- دەستەی موزیک و گاردی احترامی مهاباد وبوکان بەفەرمان دەری آغایمحمدی نانەوازادە فەرماندەی ئوردویملی مهاباد و سلیم آغای ایلخانیزادە فەرماندەی بوکـــــــان لەهەیوانی نیوەراستی قەلا آمادە بون- تەواوی آغایانی ناوبراوی سەرەوە وجمعیتیکی کەش لە آغایـــان من جملە حسینآغای علییار و براکانی لەسەربانی قەلا بەریزلەملاولای آلاوە بەچەندصف راویستان خەلکیکی بیژماریش لەمەیدانی خوارەوە ودەورەبەری حەوضی گەورەی بوکان راوەستان .

٣- قاسمآغای ایلخانیزادە پروگرامی خویندوە (جەنابی حاجیبابەشیخ)نطقیـــکی زور گەرمی فـــەرمو مزگینی خوشبەختی نەتەوەی کوردی داوتەواوی میللەتی کوردی بو گەیشتنبەحەقی خویان بەهەوباکردو (آلای) مبارەکی بەدەستی خویهەلکرد.

٤- سرودی میلی کوردوستان خویندراوە و موزیک لیدرا و بەدو سەد تفنگ و سی مسلسل سی دەسریژ کرا آقای حسن قزلجی لەلایەن رحمنآقای ایلخانیزادە وە کەلەریگای آزادی کوردو مەرامی دیموکراسـید زحماتیکی بیحد و حسابی کیشابو بو خوشی لەمال نەبو هەلکـــرانی آلای تبریک کرد.

٥- آغای قاضی محمـــــد صادقی قزلجی نطقیـــکی بە تینی کرد.

٦- آغای علی خســروی سەروکی دایرەی چاپو بلاو کردنەوەی حزبی دیموکراتی کوردوستان نطقیـــکی بەتین و باشی لەبابەت یەکیەتی و دەست وەدەستدان بو پیشکەوتنو ســەرکەوتنی نەتەوەی کورد و بەهرە وەرگرتن لە آزادیو دونیای دیمــوکرات بیان کرد و ضمنا اظهاری کرد کە لە دونیای ئەورەداعمومی میلەل لە نعمت دیموکراسی بەهرەوەر بون لە بەروەیدەبیبە قوە باسکی کوردی شمال برایانی کوردی کەلە جنوب لەژیر زنجـیری استبداد دا دەنالن رزگاریان کەین ولە آخریدا بە سلامتی پیشـوای آزادی دونیا ژنرالسیموس ستالین و رهبری میلتی کورد جنابیقاضیمحمد نطقکـەی دوای هات.

٧- آغای هەژار دەستە شعریکی شیرینی کاملی خویندەوە.

٨- احمد آغا ایلخانیزادە نطقیـــکی گەرم و گوری لە بابەت خوفداکردنو گیانبازی لەریـــگای کوردوستان وبلیـــند کردنی آلای کوردوستاندا بەیان کرد.

٩- آغای حقیقی شاعری میللی دەستر شیعـــریـــکی بەرزی خویـندەوە.

١٠- آغای رحمن مدرسی لەلایەن دەستەی لاوانی مهابادەوە هەلکـــردنی آلای مقدسی کوردوستانی لە تەواوی برایانی منطقەی بوکان تبریک کرد.

١١- خالد آغا حســامی دەستە شیعریکی باشی سویندەوە.

١٢- حمدامین آغا ایلخانیزادە نطقیـــکی بەتینی کرد لەکاتیدا ناوی سەردار حمەحسین خانی برد شلینگیـــکی احترام کرا.

١٣- مارف آغا ایلخانیزادە نطقیـــکی چاکی کرد و بەتایبەتی لەبابەت دیلی و یەخسیری براکوردەکانی جنوبەوە باش دواوکوتی بوایمە غیرەت نیە ئەوبرایانەمان بەوجورە لە حقوقی نەتەوایەتیو انسانیت بیبەش بن و لەژیر چەنگالیاستبداد وزورداریدا بنالین.

١٤- جـــعفرآغای ایلخانیزادە لە نطقی خویدا مبارکبادی آلا بە بیانیـــکی شیرین کوتی تەواوی میلەتی کورد پیویستە لەریگای بەرز کردنەوەی آلا وپیک هینانو وەدەست خستنی آزادی بو براکانی دیـکەش سەری خویان لەپیناو نین.

١٥- جنابی حاجی بایزآغا ایلخانیزادە لەســەر نعمتی گەورەی آزادی و هەلکـــردنی آلای مقدسی کوردوستان شکرانەیخودای بژارد و آموژگاریەکی زوربەنرخی بوبرادیموکراتەکانی فەرمو لە فداکاری ئەوان آفرینی کرد.

لە خاتمەدا قاسمآغا ایلخانیزادە نطقیـــکی زور بەتینی لەبابەت خوشی و آزادی کوردەوە بەیان کرد وسعات یەکی دوای نیوەرو بە خویندنەوەی مارشی میلی و لیدانی موزیک جیژن تەواوبو.

برا مهـابادیەکان سعآت چواری پاش نیوەرو بەهوریا و چەپلەریزان و نەعرەتەی بژی کوردو کوردوستان بەری کران.

**کوردوستان:** ایمەش بەنوبەی خومان لەفداکاری هەیئەتی حزبیدیموکرات وکارگەرانی حزبی بوکان وبەتایبەتی لە آغایانی ایلخانیزادە کە لەریی آزادیو دیموکـــــراسیدا سالهایە فداکاریدەکەن ولەجیژنی هەلکردنی آلای مقدسی کوردوستـــــــــــاندا متحمل زحمت و مخاریجیکی زوربون بی ئەندازە سوپاسیان دەکەین و ئومیدوارین کەانشاللە لەسەر مەرامی مقدسی خویان موفق و سەربەرز بن.